# ئایا نازانیت كە ئیسلام هەموو كردەوە خراپەكانی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، وكۆچ كردن هەموو كردەوە خراپەكانی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، وحەج كردن هەموو كردەوە خراپەكانی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە؟

ئیبن شەماسە المهري دەڵێت: هاتین بۆ لای عەمرو كوڕی عاص -ڕەزای خوای لێبێت- لە سەرەمەرگدا بوو، زۆر گریا ورووی كردە دیوارەكە، وایكرد لە كوڕەكەی كە بڵێت: ئەی باوكە، ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- مژدەی فڵان شتی پێ نەدایت؟ ئایا مژدەی فڵان شتی پێ نەدایت؟ دەڵێت: ئینجا ڕووی تێكردین و ووتی: باشترین شت كە ئامادەی بكەیت: شاهێدی دانە بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتا: (هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە جگە لە (الله) ومحمدیش پەیامبەر ونێردراوی خودایە)، من لە سەر سێ حاڵ بووم: كاتێک هەبوو كەس وەكو من ڕقی لەپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەبوو، هیچیشم ئەوەندە پێخۆش نەبوو كە دەستم بە سەر كوشتیندا بڕۆیشتایە ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەیان بمردمایە؛ ئەوا دەچوومە دۆزەخەوە. كاتێک خوای گەورە ئیسلامی خستە دڵمەوە، هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتم: دەستت درێژ بكە با پەیمانت (بەیعەتت) بدەمێ، دەستی درێژكرد بەڵام من دەستم گێڕایەوە، فەرمووی: «ئەوە چیتە ئەی عەمرو؟»، ووتم: ویستم مەرج دابنێم، فەرمووی: «چی مەرجێک دادەنێت؟»، ووتم: لە گوناهەكانم ببوردرێت، فەرمووی: «ئایا نازانی ئیسلام هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە وكۆچیش هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە، وحەجیش هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە؟»، پاش ئەمە كەس نەبوو هێندەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لام خۆشەویست بێت، كەسیش ئەوەندە شكۆدار نەبوو لە بەرچاومدا، من نەمدەتوانی چاوم تێر بكەم لە سەیركردنی لە بەر شكۆدارییی، خۆ ئەگەر پرسیارم لێ بكرایە كە وەسفی بكەم نەمدەتوانی، چونكە نەمدەتوانی تێر سەیری بكەم، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵە بمردمایە تكام وابوو لە خەڵكی بەهەشت بم، ئینجا شتانێكمان درایە دەست نازانم حاڵم چۆنە تێیدا؟، جا ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە مردم با شین وشەپۆڕ و(مەشخەڵی) ئاگر یاوەرم نەبێت، ئەگەر شاردمتانەوە خۆڵ بپژێنن بەسەرمدا ئینجا بە دەوری گۆڕەكەمدا بووەستن بە ماوەی ئەوەندەی وشترێك سەرببڕێت وگۆشتەكەی دابەش بكرێت. با دڵم پێتان خۆش بێت وبزانم چۆن وەڵامی فریشتەكانی پەروەردگارم دەدەمەوە.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە مژدە دان وپیرۆزبایی لێكردنی تێدایە بە خێر، وپوختەی ئەم باسە مەزنە ئەوەیە، هاوەڵاتێكی عەمروی كوڕی عاص -ڕەزای خوای لێبێت- هاتن بۆ لای لە كاتی سەرە مەرگیدا؛ ڕووی كرد لە دیوارەكە وزۆر گریا، وكوڕەكەی پێی ووت: بۆچی دەگریت لە كاتێكدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مژدەی بەهەشتی پێداویت؟ (عەمرو) ووتی: ئەی كوڕی من لە سەر سێ حاڵەت بووم، پاشان باسیانی كرد: زۆر ڕقی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو، كەس وەكو ئەو ڕقی لێی نەبوو، وخۆزگەی دەخواست كە بیتوانیایە بیكوشتایە، وئەمەیش ئەوپەڕی كوفرە، هەتا خوای گەورە ئیسلامی خستە دڵیەوە وهات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەستت درێژ بكە بۆ ئەوەی بەیعەتت پێبدەم لە سەر ئیسلام، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جوانترین ڕەوشتی هەبوو ودەستی درێژ كرد، بەڵام عەمروی كوڕی عاص دەستی گەڕاندەوە، نەک وەكو خۆبەگەورەزانینێک، بەڵكو بۆ دڵنیا كردنەوەیەک لە سەر ئەو باسەی دەیڵێت، پێی فەرموو: (ئەوە چیتە؟)، عەمرو ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من مەرجم هەیە بۆ مسوڵمان بووم (پابەند بوونم بە ئیسلام)، فەرمووی: (مەرجەكەت چییە؟)، ووتی: مەرجەكەم ئەوەیە كە خوای گەورە لە هەموو كوفر وتاوانەكانی پێشووم خۆش بێت، وئەمەیش گەورەترین

غەمی بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، وپێی وا بوو کە خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش نابێت، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: (ئایا نازانی ئیسلام هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە وکۆچیش هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە، وحەجیش هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە؟) سێ شتی باسکرد. سەبارەت بە ئیسلام: تاوانەکانی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە (واتا خودا لێی خۆش دەبێت)، ئەمیش بە دەقی قورئانی پیرۆز، خوای گەورە دەفەرموێت: {قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا إِن يَنتَهُوا يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ}[الأنفال: 38]، واتە:{ئەی محمد صلی الله علیه وسلم بە کافران بڵێ: ئەگەر دەست هەڵبگرن لە کوفر ودژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وموسڵمان بن و بە تاك وتەنها خوای گەورە بپەرستن؛ ئەوا پێشتر چ تاوانیان کردووە لە کوفر ودژایەتی ئەوا خوای گەورە لە هەر هەمووی خۆش دەبێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دژایەتی و کوفر وکوشتاری مسوڵمانان ئەوا ڕێبازی خوای گەورە لە نەتەوەکانی پێشترا تێپەڕیوە تەماشا بکەن بزانن چۆن خوای گەورە لە ناوی بردوون ئێوەش بەو شێوازە لە ناو دەبات}. وکۆچکردن (هیجرەت): ئەگەر مرۆڤ کۆچ بکات لە وڵاتەکەی خۆی ئەگەر وڵاتی کوفر بێت بۆ وڵاتی ئیسلام؛ ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت. وحەجکردن: هۆکاری لێخۆشبوونە لە تاوانەکانی پێشووتر، هەروەکو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (من حج لله، فلم يرفث، ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه )، واتا : (هەرکەسێک حەج بکات، وهیچ وتە وگوفتار وکردارێکی نابەجێ ئەنجام نەدات وتاوان نەکات، ئەوا بێ گوناهـ و تاوان دەگەڕێتەوە؛ وەکو ئەوە وایە ئەو ڕۆژە لە دایک بووە). عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- بەیعەتی دا وپێغەمبەری خۆشویست -صلی الله علیه وسلم- تا ئاستێک کە خۆشەویسترین کەس بوو لە لای، هەتا نەیدەتوانی چاوی تێر بکات لە بینینی ئەمیش وەکو بە شکۆداری وگەورەدانانێک بۆ ئەم پەیامبەرە -صلی الله علیه وسلم-، سبحان الله (پاک وبێگەردی بۆ پەروەردگاری مەزن) کە دڵەکان هەڵدەگێڕێتەوە بە هەر شێوەیەک کە خۆی بیەوێت! دوێنێ زۆر ڕقی لێی بوو، هەتا خۆزگەی دەخواست کە بیکوژێت، بەڵام ئێستا ناتوانێت چاوی تێر بکات لە بینینی، وناتوانێت وەسفی بکات، ئەمیش وەکو هەیبەت وڕێزگرتنێک بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-. عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر لە سەر حاڵەتی یەکەم بمردایە؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخ دەبوو، دەڵێت: ئەگەر لە سەر حاڵەتی دووەم بمردایە (واتا پاش مسوڵمان بوونی)؛ ئەوا هیوای ئەوە بوو کە لە ئەهلی بەهەشت بێت. تێبینی بکەن وئاگاداری قسەکانی بن کە دەڵێت: بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە سەر حاڵەتی یەکەم بمردایە ئەوا لە ئەهلی دۆزەخ بوو، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا بە هۆی زۆری ترسەوە ووتی: ئەگەر لە سەر حاڵەتی دووەم بمردایە ئەوا هیوا ئەوە بوو کە لە ئەهلی بەهەشت بێت، نەیووت لە ئەهلی بەهەشتە، چونکە شاهێدی دان بۆ چوونە بەهەشت وتەیەکی قورس وگرانە. پاش ئەوە بوو بە دەسەڵاتدار وئەمیر -ڕەزای خوای لێبێت-، وئەوەی ڕوویدا ڕوویدا لە چیرۆکی جەنگی موعاویە وجگە لە ئەو، وعەمروی کوڕی عاص -ڕەزای خوای لێبێت- ناسراو بوو بەوەی کە یەکێک بوو لە زیرەکترین پیاوەکانی عەرەب، دەڵێت: ئەوەی ڕوویدا لە حاڵەتی سێیەمدا دەترسم کاریگەری هەبوو بێت لە سەر کردەوەکانم. پاشان وەسیەتی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- کە مرد نیاحەی بۆ نەکەن (نیاحە: واتە گریان وهاوار کردن بۆ مردوو)، وفەرمانی بەوە کرد کە پاش لە گۆڕ دانانی بۆ ماوەیەک لە سەر گۆڕەکەی بمێننەوە، هەتا بزانێت حاڵی چۆن دەبێت لە گەڵ ئەو فریشتانەی دێن بۆ لای، چونکە کاتێک کەسێک بمرێت دوو فریشتە دێن بۆ لای ودایدەنیشێن لە ناو قەبرەکەی، وسێ پرسیاری لێدەکەن: پەروەردگارت کێیە؟ چی ئاینێکت هەیە؟ کێ پێغەمبەرتە؟. فەرمانی کرد ماوەیەک لە سەر گۆڕەکەی بمێننەوە بە قەد ماوەی سەربڕینی وشترێک ودابەشکردنی گۆشتەکەی؛ ئەمیش بۆ ئەوەی دڵی پێیان خۆش بێت، وئەمیش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مردوو هەست بەوانە دەکات کە لە گۆڕی دەنێن، ولە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- هاتووە کە گوێی لە دەنگی نەعلەکانیانە ئەگەر تەواو بن لە دانانی لە گۆڕەکەدا. ولە فەرموودەی تردا هاتووە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەگەر مردوویەکی لە گۆڕ دابنرایە ئەوا بۆ ماوەیەک لە سەر گۆڕەکەی ڕادەوەستا، ودەیفەرموو: (استغفروا لأخيكم، واسألوا له التثبيت؛ فإنه الآن يسأل)، واتە: (داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ براکەتان وداوای جێگیر بوونی بۆ بکەن؛ چونکە ئەو ئێستا پرسیاری لێدەکرێت)، بۆیە سونەتە کاتێک مردوو لە گۆڕ دانرا بۆ ماوەیەک لە سەر گۆڕەکەی بمێنینەوە وبڵێین: (اللهم ثبته، اللهم ثبته، اللهم ثبته، اللهم اغفر له، اللهم اغفر له، اللهم اغفر له)، واتە: (خودایە جێگری بکە، خودایە جێگری بکە، خودایە جێگری بکە، خودایە لێی خۆش بە، خودایە لێی خۆش بە، خودایە لێی خۆش بە)، چونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەگەر داوای سەلامەت بوون (جێگیربوون) ولێخۆشبوونی بکردایە بۆ مردووەکە سێ جار دووبارەیانی دەکردەوە. وسەرەنجام کوڕەکەی عەمروی کوڕی عاص پێی ووت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- موژدەی چوونە بەهەشتی بە تۆ داوە، وئەمیش بۆ موژدە دان بە خێر وپیرۆزبایی کردن.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee